

# قەڵەمی هۆشمەندی livescribe



پێنووسی ئاماژە پێکراو نە تەنیا دەتوانێت دەقەکان لەخۆیدا خەزن بکا و رابگرێ، بەڵکو دەتوانێت دەنگیش تۆمار بکات، بۆ نموونە لە زانکۆ کاتێك لە وانەکە یادداشتت هەڵگرتەوە بە داگرتنی دوگمەیەکی پێنووسەکە دەتوانی گوێ لە قسەکانی مامۆستاش بگری. فایلەکانی کە بەو قەڵەمە دەنووسرێن یان تۆمار دەکرێن دەتوانی بۆ هەر ئامێرێکی دیکە بگوازرێنەوە.

سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییانە پێنووسەکە جێگای ٥٠٠ مێگابایتی لە ئینتەرنێتدا هەیە و هەروەها میمۆرییەکەی ٤ گێگابایتە کە بەهۆیەوە دەکرێت ٤٠٠ کاتژمێر دەنگ تۆمار بکەی و بێسنوور یادداشت هەڵبگریەوە. خاڵی زۆر جێگای سەرنج لەو قەڵەمەدا ئەوەیە کە پرسیارە بیرکارییەکان کە لەسەر کاغەز دەینووسی وەك کۆ و کەم و دابەش و جاران ئەنجامەکەشت پێ دەڵێت، بەڵام قەڵەمەکە لەسەر کاغەزی تایبەت بەخۆی دەتوانی سوودی لێوەربگری.



# قەڵەمی هۆشمەندی جۆری dotpen

پێنووسی زیرەکی dotpen درێژای ١٤٣ ملمە و هەروەها تیرەکەشی ١١,٩ ملمە. قەڵەمەکە خۆی بۆ ئامێرە هۆشمەندەکانی سیستەمی ئەندرۆید و iOS بەرهەم هاتووە، بەڵام خۆی وەك قەڵەمێکی ئاسایی دەچێت. نوکی پێنوسەکە لە مادەی (تێرمۆپلاست) کە مادەیەکی سەختە دروستکراوە، لەسەر شاشەکان بە باشی کار دەکات، پێنووسەکە وەك ئاماژەی پێکرا زیاتر بۆ نووسین لەسەر شاشە دەبێت هەر پرۆگرامێکی مۆبایل کە تایبەت بە نووسین یان وێنە کێشانەوە بەو قەڵەمە دەکرێت سوودی لێوەربگریت. بۆیە هیچ پرۆگرامێکی تایبەتی بۆ دروست نەکراوە.



# گرنگی پێنووس لە جیهانی دیجیتالیدا

## چاوخشاندنێک بەسەر چەند پێنووسێکی هۆشمەند

**زۆربەی ئامێرەکانی خوێندن و نووسینیش بەرەو دیجیتالی و زیرەکی چوون، وەك پێنووس، دەفتەر، تەختە سپی...تاد بەرەو دیجیتالی ڕۆیشتوون.. قەڵەمەکەت ئیدی هەر ئەوە نییە کە بتوانی پێبنووسی بەڵکو ئامێرەکە ئەوەی دەشی نووسی لەخۆیدا هەڵیدەگرێت و دەیپارێزێ.. یان ئەوەی دەینووسی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر یان مۆبایلەکەت نیشان دەدرێت... لێرەدا سەرنجتان بۆ چەند قەڵەمێکی هۆشمەند ڕادەکێشین.**



### پێنووسی ژیرۆکی worldpenscan X

هەر وەك لە ناوەکەی را دەردەکەوێت پێنووسە ئەرکێکی تایبەت ئەنجام دەدات ئەویش دەتوانێت ئەو وشە و ڕستانەی لەسەر کاغەزێکی ئاسایی نووسراون بۆ سەر ئامێرەکانی وەك ئایفۆن و ئایپاد و گشت مۆبایلێکی ئەندرۆیدی بگوازێتەوە. بە ئاسانی فایلەکان سکان دەکات و دەتوانی دواتر دەستکاریان بکەی. ئەو پرۆگرامەی لەگەڵ پێنووسەکە پێکەوە سوودیان لێوەردەگیردرێ پشتیوانی لە چەندین زمانی زیندوو دەکات، وەك ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەلمانی و عەرەبی و چینی... قەڵەمەکە زیاتر وەك سکاینەرێکی هۆشمەند دەچێت تا وەك قەڵەمێکی دیجیتالی.



### پێنووسی سمارت مارکەر جۆری Equil

پێنووسی زیرەکی ناوبراو دەتوانیت دەقەکان تۆمار بکات و نووسینەکانی سەر تەختەی وایەت بۆرد بۆ ئامێرەکانی دیکە بگوازێتەوە. قەڵەمەکە لە ڕێگای بلوتوسەوە بە ئامێرەکانی دیکە دەبەسترێتەوە. ئەپلکەیشنێکی هەیە هەر بەناوی خۆی. تەکنەلۆژیای بەکارهاتوو لەو پێنووسەدا وا دەکات لەسەر هەر تەختەیەکی وایت بۆرد بنووسی. دەکرێت وەك یەکێك لە ئامرازە گرنگەکانی مامۆستایان و ئەوانەی وانەبێژی دەکەن یان کۆنفرانسێك دەبەستن سوودی لێ ببینن...



### پێنووسی جۆری Neo N2

قەڵەمی زیرەکی ناوبراو دەتوانێت ئەوەی دەینووسی لەخۆیدا تۆمار بکات و پاشان بۆ کۆمپیوتەر یان مۆبایل بیگوازێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی کە سوود لە قەڵەمەکە وەربگری پێویستە کاغەزی تایبەت بەخۆی بۆ دابنێی. دەتوانێت ناوەرۆکی هەزار لاپەڕە لەخۆیدا خەزن بکات. جگە لەوەش ئەپلکەیشنی تایبەت بەو پێنووسە دەتوانێت ١٥ زمانی زیندووی جیهان بناسێت وەك، ئینگلیزی و چینی و ژاپۆنی و ئەلمانی و....تاد. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانیت نووسین یان ئەو وێنانەی بەو قەڵەمەی دەیکێشیەوە ڕەنگی جۆراوجۆر بەکار بێنی. فایلەکان دەتوانیت بە فۆرماتی SVG خەزن بکەی و ئەگەر پێویستی کرد بەهۆی پرۆگرامگەلی تایبەتییەوە دەستکاریان بکەی.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێك پرسیار دەكات ماوەیەكە تۆڕی مۆبایلی (telegram)م دابەزاندووە و بەڵام كێشەیەكم بۆ هاتۆتە پێش و ناتوانم چارەسەری بكەم بەپێی پێویست یارمەتیم بدەن.. پرسیار و كێشەكەم ئەوەیە كە چ بكەم كە پەیام و بابەتی ریكلامم بۆ نەیەت؟

خوێنەری بەڕێز لەسەرەتادا بچۆ سەر بەشی settings ی پرۆگرامەكە و دواتر لەو بەشەدا ئەو شوێنە بدۆزەوە كە نووسراوە privacy and security و دوایەوە بچۆ بۆ سەر بەشی Groups و دواتر لە بەشی Who can add me to group chats لەسەر فەرمانی my contacts كلیك بكە و كێشەكە كۆتایی دێت.



## کەڤەرێکی ئایفۆن تایبەت بە وێنەگرتن

ئایفۆن جگە لەوەی کە مۆبایلێکی سەرکەوتووە چەندین ئامرازی لاوەکیشی بۆ بەرهەم هات کە دەتوانرێت بەهۆی مۆبایلەکەوە سوودی لێوەربگرێت، لەم دواییەدا کەڤەرێک واتە بەرگێکی تایبەت بەو موبایلە بەرهەم هاتووە کە سێ لێنز واتە عەدەسەی لەگەڵدایە. کەڤەری جۆری izzi pemix6 سێ لێنزی مایکرۆی لەگەڵدایە و بۆ سوود وەرگرتن لە لێنزەکان دەتوانی بیسوڕێنی و لێنزی مەبەستت هەڵبژێری.. لێنزەکان ئەرکیان روونکردنەوە و هێنانە پێشەوەی دیمەنەکانە..

## پرۆگرامێک کۆمپیوتەرەکەت دەکاتە مۆبایل

لەوکاتەوە سیستەمی ئەندرۆید بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکان بەرهەم هاتووە، ئەو سیستەمە گۆڕانێکی گەورەی لە مۆبایلدا پێکهێنا، ئیدی مۆبایلی لە چوارچێوەی مۆبایلێکی ئاسایی نەهێشتەوە.. سیستەمی ویندۆز و سیستەمی ئەندرۆید لێك جیاوازن، بەڵام گەر بتەوێ لەسەر کۆمپیوتەرەکەت گشت پرۆگرامەکانی مۆبایل بە یاری و ئەپلکەیشنەکانەوە بکەیەوە.. دروست وەك چۆن لە مۆبایل دەیکەیەوە ئەوە پرۆگرامی BlueStacks بەکار بهێنە.

پرۆگرامەکە لە توانای دا هەیە هەرچی لەسەر مۆبایلەکەتە هە بەو شێوەیە لەسەر کۆمپیوتەر بیکەیەوە. جگە لەوەش دەتوانی لە نێوان مۆبایل و کۆمپیوتەرەکەتدا پەیوەندی هەبێت و ئەوەی لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دادەنێی بە ئاسانی بچێتە سەر مۆبایلەکەت.



## گەشتێکی ئاسان



حەز دەکەی بچی بۆ وڵاتێك، بەڵام هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆت لە سەر خەڵکی وڵاتەکە یان شارەکە نییە، نازانی لەکێ بپرسی و رەنگە نەزانی خواردن و باری کەلتوری و کەلەپووری شارەکە چۆنە، یان نازانی سەردانی چ شوێنێك لەو شارە بکەی.. گەر بتەوێ گەشتێکت بێ گرفت بێت ئەوە سەر لە سایتی https://www.withlocals.com/ بدە. لەم سایتەدا دەتوانی لەگەڵ خەڵکی ئەم شوێنەی کە بۆی دەچی ئاشنا بی، پەیوەندی بگری و دۆستایەتی دامەزرێنی و پرسیاری لەبارەی شارەکە لێبکەی، تەنانەت گەر گەیشتی ئەوێش پەیوەندی پێوە بکەی بۆ ئەوەی کە گەشتەکەت ئاسانتر بێت...

## هاوێنەیەکی دیجیتالی بۆ ئارایشگاکان




کاتێك دەچیە ئارایشگایەکی پیاوانە یان ژنانە، لە بەرامبەرتدا واتە شوێنی دانیشتنەکە دوو ئاوێنە بەرامبەر بەیەك داندراون،دەتوانرێت بەهۆیانەوە پشتەوە و پێشەوەی خۆت ببینی، بەڵام هیچ کاتێك نازانی بەرلەوەی پرچت چاك بکەی یان خۆت بەجۆرێك ئارایش بکەی سیما و روخسارت چۆنی لێدێت.. بەهۆی تەکنەلۆژیای ئاوێنەی هۆشمەندی سامسۆنگ بەرلەوەی هیچ هەنگاوێك بنێی بۆ جوانکاری خۆت دەبینیەوە کە سیما و روخسارت چۆنە..

لەسەر ئاوێنەکە بە چەندین مۆدێل لە هەموو لایەکەوە نیشان دەدرێ، کامەیانت بە دڵ بوو ئەوە هەڵبژێرە.. دیارە پێشووتر ئاوێنەی هۆشمەندی لەم شێوەیە بۆ سوپەرمارکێتەکانی جلوبەرگ فرۆشتن دادەنرا. ئاوێنە دیجیتالییەکان ٥٥ ئینجن و وەك ئاماژەی پێکرا، مۆدێلی کەمکردنەوەی قژ، رەنگی قژ زانیاری دیکەش لەبارەی قژەوە بۆ ئەوانەی سەردانیان دەکەن نیشان دەدات.